# پەشێو، شاعیرێك لە ڕەگەزی سەربزێوی

نووسینی: ڕەزا کەریم مجاور(تاپۆ)
وەرگێڕ لە فارسییەوە: ك.ج (هەڵوەدا)

"عەبدوڵڵا پەشێو" یەکێ لە شاعیرە هەرە مەزنەکانی ئەم سەردەمەی کوردە، کە نێوی هەمیشە لە پاڵ نێوی شاعیرانێکی وەك شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیرو.. دا دێت. پەشێو تەنیا شاعیرێکی کوردی سەر بە ڕێبازی شیعری نوێیە، کە سەرنجی بەردەنگی تایبەتی و گشتی هاوسەنگ بەرەو شیعرەکانی ڕاکێش کردووە و بە دڵنیاییەوە لە چاو شاعیرانی تری کورد، لە کوردستاندا زیاترین خوێنەری هەیە. شیعرەکانی پەشێو هاوکات، لەگەڵ ئەوەی کە بە زمانێکی ساکار و نزیك لە شێوازی ئاخاوتن نووسراون، خاوەن مۆسیقای ناوەکی و دەرەکیی تایبەتن و بە شوبهاندن و خوازەی جوان و بەرهەست ڕازاونەتەوە. شیعری پەشێو شیعرێکی دەروەست "مولتەزیم"ە و ئەم دەروەستییەش لە ماوەی (40 ) ساڵ تەمەنی شاعیرێتییدا هەر لە هەڵکشاندا بووە. پەشێو شاعیرێکی ناسیونالیست و نیشتمانپەروەرە و هەر وەك زۆر جەلان لە وتووێژەکانیدا دەریبڕیوە، ڕێبواری ڕێگای شاعیرانی نەتەوەخوازی کورد "ئەحمەدی خانی (1650ـ1706) " و حاجیقادی کۆیی (1815ـ1892) یە.

پەشێو ئەویندارى نەتەوە و نیشتمانی خۆیەتی و هێشتاش، پاش ساڵانێکی درێژی ژیانی ئاوارەیی لە ئەورووپا، بە زمانێکی ساکار و دوور لە گرێوگۆڵی ئەوان شیعر دەنوسێ. سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییانەش، شیعرەکەی بۆتە شیعرێکی بێ سنوور و دەنگی بۆتە یەکێ لە دەنگە پڕ سۆزەکانی شیعری ئەم سەردەمەی کوردستان.

تەنیا شاعیرێکی کوردی سەردەم، کە ناوی لە زانستنامە (5) بەرگییەکەی« دایرەتولمەعاریفی نوێ" ی "عەبدولحوسێن سەعیدیان"ـ لێکۆڵەری ئێرانی ـ دا هاتووە، عەبدوڵڵا پەشێوە. لە لاپەڕەکانی 978 و 979ی بەرگی دووهەمدا،

لەگەڵ وەرگێڕانی شیعری بەناوبانگی "سەربازی ون"ی پەشێو، دەڵێ: "پەشێو، خۆی گوتەنی، شاعیری هەرێمی سەربازە ونبووەکانە. ئەو شوێنەی کە هەموو ڕۆژێك هەزاران حەماسەی سەرهەڵداوی خوێنی لێ دەبێتە مێژوو و هەر سروودێ دەبێتە ئالایەك. شیعرەکانی، چ لەوکاتەدا کە شەکەت و ماندووی ڕێگەی دوورە و بۆ خەونێ، تۆزە گریانێ لە سەر هەوری قژی خاوی خۆشەویستەکەی ئەم ڕێگەیەی پێواوە و چ لەوکاتەدا کە گەرەکیە پێستی بۆ نیشتمانەکەی بکاتە ئالا، دەنگی خەباتی گەلەکەیەتی لە دژی ڕژێمی فاشیستی عێراق. گۆرانییەکانی مەنفای، یان خۆی گوتەنی "شەونامە"کانی، پێش ئەوەی بلاوکراوەیەك لە چاپیان بدا، لە نێو خەڵکی خەباتگێڕی نیشتمانەکەیدا دەستا و دەست دەبن و لەم شارەوە بۆ ئەو شار و لەم دێوە بۆ دێیەکی تر بلاو دەبنەوە".(1 )

پەشێو شاعیرێکی لاسار و تووڕەیە و بەر لە هەموو شت و هەموو کەس، لە دەست سەرۆکە نیشتمانفرۆشەکانی نەتەوەی خۆی لە قینە. تووڕەییەك کە جار نا جارێ هەوساری پێنووسی سەربزێوی ئەو دەگرێ و شیعرەکەی ڕاکێشی سنووری دروشم دەکا. بۆ نموونە:

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
ماری شیرین ژاریش هەیە.
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
تەوری برای داریش هەریە.

هەڵبەت ئەم شیعرە ساکار و دروشماوییانەی زێتر بۆ شەڕی ناوخۆ و براکوژی گوتووە. وەك خۆی لە شیعرێکی دیوانی "براکوژی" دا ـ پاش سەفەری هەولێر لە ساڵی 1994دا و دیتنی باری شپڕێوی هەرێمەکە ـ ئاماژە بەم چەمکە دەکا:

ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە
بۆیە من بۆتان دێمە گۆ
بە زمانێکی یەکجار سادە.
پێتان دەڵێم:

ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ
زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!

هەر ئەم تووڕەبوونەشە کە سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارەکانی کردۆتە دوژمن و قەستەسەری ئەو و بۆ هەمیشە پەڕەوازەی غوربەتی کردووە:

چ زوو پێم گوتن:
کوندەبۆیانی کەلاوەنشین
چاویان هەڵنایە بە ڕۆژی ڕووناك...

دیسانیش هەر ئەو تووڕەییەیە کە لە ساتەوەختە هەڵچوونەکانیدا شیعری سەرسووڕهێنی پێ دەخوڵقێنێ. وەك چۆن ساڵی 1982 لەوپەڕی لاساریدا دەڵێ:

ئەوەی بستێك خاکی نەبێ
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟

لە نوێترین شیعریشیدا، کە بەشێکی سەفەرێکی مێژوویی و شێوەتیراژیکە بۆ ڕابردووی شاری لەمێژینی هەولێر ـ ئەو شارەی کە بە ئەربائیلۆ (چوارخودا) ناسراوە و پێیان وابووە لە قەلاتە بەناوبانگەکەیدا چوار خودا هەبوون ـ ئاوەها دەنگ هەڵدەبڕێ:

....
نەرمە نەرمە دەست بە قژی خوێناویتا دەهێنم و
بە هەنیسکی گریانەوە
کەعبەی نێوان هەردوو چاوت ماچ دەکەم و
بە ئاستەم دەسرتێنمە گوێت:
جگەرگۆشەم!
....
لە سەر شاشەی ناوچەوانت

شتێك نەما بەدیی نەكەم:
جێبرینی شیر و تیری
عەفلەقە سەر قانگەكانی سەدەی حەفتەم،
ئاینوئۆینی خوشكەكانی (ان) و (كان)،
تریاكی موعەللەقات و
بەنگی ئیعڕابی (لن) و (لم)،
نا هیچ نەما لەو ساتەدا بەدیی نەكەم:
.....
لە بەدگومانیم ببوورە
بەڵام هەرگیز باوەڕ ناكەم
ئەربائیلۆ ناوی تۆ بێت،
.....
پەشێو پەڕەوازەی غوربەتی هەندەران بووە، ئەو غوربەتەی لە زۆربەی شیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆی ئەوەی كە شاعیری نەتەوەیی نەك هەر لە ژانی دووریی لە نەتەوە، بەڵكو لە حەسرەتی دیداری ئاو و خاك و بەرد و دار و چیا و شینایی، كوڵ بیگرێ:

پەلە قاژەمە!
بەڵكو تا زووە،
هەندێ گەڵای دار،
هەندێ پنجە گیا و گوڵە كێویلەی
ئەوێ دەستگیر كەم.
ناترسم ناویان لە یادم بچێ،
بەڵام دەترسم...بۆنیان لە بیر كەم!

پەشێو بە ویستی دڵ وڵاتی غەریبی هەڵنەبژاردووە. دەسەڵاتداران بە زۆرەملی شاربەدەریان كرد:

دەریان كردم

چونکە شیعرم
منداڵێکی چەتوون ئاسا
پلووکەبەردی هاویشتە
ماڵی شووشەبەندی گەوران!

پەشێو گەرچی لە سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی سەربەدەسەڵات، ڕووگرژ و ناهومێدە، بەڵام نیگای هیوای بڕیوەتە ئاپۆرەی خەڵك و بە تایبەت منداڵان و گەنجانی داهاتووی نیشتمانەکەی و لە زۆربەی شیعرەکانیدا ڕووی قسە و هیوای هەر لەوانە. ئەو وەچەیەی بیریان لە ئێمەمانان روونترە و بێهوودە دەست ناکەن بە کوشت و بڕین و هەر لەخۆڕا ئاژاوە نانێنەوە:

ڕۆژ باش
کچانی سەد ساڵ لەمەو پاش!
ڕۆژ باش
کوڕانی سەد ساڵ لەمەو پاش!
کە منتان دی،
بانگم بکەن
بۆ سەر سفرەی پڕی خۆتان.
من دڵنیام
نانی ئێوە تامی خوێن و ڕۆندك نادا.
.....
پەشێو ئێستاکە نزیك لووتکەی تەمەنە و لەو بەرزاییەوە، بە حەسرەتەوە لە تەمەنی گەنجیی خۆی دەڕوانێ:

ئەگەر دیسان
خوا لاویمان بداتەوە
وەك خەڵاتێکی ئاسمانی،
ئەگەر سروشت
پڕاوپڕمان بکاتەوە

لـه كلّپه و گڕ، شێتـی و جوانـی:
ئـهمجارهیان
لـه پێناوتا
کام بـهر حـهرامه ـ ئـهو دهخۆم
کامه یاسا ئاسمانییه ـ ئـهو دهشکێنم
....

---

1)(دایرهتوالمعارف نو ـ تهران ـ انتشارات علم و زندگی)

سهرچاوه: ماهنامهي گلستانه ـ تهران ـ شماره 78 ـ بهمن 1358

تێبینی: ئـهم وتارهی سهرهوه پێشهکیی ڕهزا تاپۆیه بۆ دیوانی (کولهبار یک عاشق مادرزاد)ی پهشێو، کـه هـهڵبژاردهیهکه بـه زمانی فارسی لـه انتشاراتی "مروارید" ، ساڵی ١٣٨٥ لـه تاران بڵاوکراوهتـهوه.